کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 20:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەکتەبی سیاسی حزبی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کردەوە تیرۆریستیەکەی مەخمور مەحکوم** دەکات

دوا بەدوای کردەوە تیرۆرسیتیەکەی ڕۆژی (2007/5/9) ی بەردەم وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر کەدەیان شەهیدو بریندای لێکەوتەوە، سەرلەبەیانی ئەمرۆ (2007/5/13) تیرۆریستان جاریکی تر لەرێگەی ئەنجامدانی کارێکی خۆکوژی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لەبەردەم لقی (23) پارتی دیموکراتی کوردستان، لەشارۆچکەی مەخمور دەیان کەسی تریان کردە قوربانی کارە چەپەڵەکانی خۆیان، مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەکاتێکدا ئەم کردەوە چەپەڵەی تیرۆریستان بەتوندی مەحکوم و دەکات، لەهەمان کاتدا پرسەو سەرەخۆشی لەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و خانەوادەو کەس و کاری شەهیدە نەمرەکان دەکات و داوای زوو چاکبونەوەش بۆبریندارەکان دەخوازێت، دیارە ماوەیەکە دوژمنانی گەلەکەمان لەهەوڵی ئاژاوە نانەوەو دووبارە تێکدانی ئارامی و ئاسایشی کوردستاندان، بۆیە داوا لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کەهۆشیارانە لەرێگەی هاوکاری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەتدا لەئاستی پوچەڵکردنەوەی ئەو پیلانە گڵاوەی دوژمنان و تیرۆریستان دابن و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی کوردستانیش بۆپێشگرتن لەم کارە تیرۆریستیانەدا رێوشوێنی توندوتۆڵتر بۆپاراستنی ئاسایشی کوردستان و گیانی هاوڵاتیان بگرنەبەر.

نەمری و سەربەرزی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و مردن و سەرشۆری بۆتیرۆریستان

مەکتەبی سیاسی
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
2007/5/13

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.